دکتورسالح ئیبراهیمی



## سوورەی قەدر

**سوورەی قەدر لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئێمەیش کە ئەم قورئانەمان لە شەوی هەرە بەرێزدا ناردۆتە خوارێ ﴿١﴾ تۆ چووزانی کە شەوی بەرێز چییە؟! ﴿٢﴾ شەوی بەرێز باشتر لە هەزار مانگە؟! ﴿٣﴾ لەو شەوەدا فریشتەکان و جوبرەئیل بە ئیزنی پەروەندەیان بۆ ئەنجامدانی کارگەل، دێنە خوارێ ﴿٤﴾ شەوێ کە تا سپێدەی بەرەبەیان پڕە لە هێمنایەتی و خۆشی و لە سەلام و دروود ﴿٥﴾

## سوورەی بەیینە

**سوورەی بەیینە: بەڵگەی ڕوون، لە مەدینە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٨ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵلاوێن.

ئەو کەسانەی حاشایان لە خوا کردبوو شەریکدانەرانیش لەوانە نەبوون دەسبەردار بن تا بەڵگەیەکێ ڕوونیان بۆ دێ ﴿١﴾ پێغەمبەرێ لە لایەن خواوە چەن لاپەڕەیێ پاک (بەسەرتاندا) دەخوێنێتەوە ﴿٢﴾ لەوانەدا نووسراوەگەلێ ڕاست و بەنرخ هەیە ﴿٣﴾ ئەهلی کتێب (لە دینی خوا) لێک جیا نەبوونەوە، مەگەر دوای ئەوەی کە ئەم بەڵگە ڕوونەیان بۆ هات ﴿٤﴾ بەوان بێجگە لەو فەرمانە نەدرابوو کە خوا بپەرستن، لە دینی ئەو دڵپاک بن و نوێژ بکەن و زەکات بدەن، ئەمەیە دینی ڕاست و پایەدار و دروست ﴿٥﴾ کەسانێ کە کافر بوون لە ئەهلی کتێب و بتپەرستان، بۆ هەمیشە لە دۆژەهدا قەتیسن، ئەوانە خراپترین کەسن ﴿٦﴾ ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کاری چاکیان کردووە، هەر ئەوانە باشترینی کەسن ﴿٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi